# گرینگی تێخنە لەلای مەدحەت کاکەیی

زریان جەلال سلێمان

ڕامان و گرینگیدان بە تێخنە، هەستێکی ئێستاتیکیی بەرز بە مرۆڤ دەبەخشێت. مرۆڤ بەرەو خەیاڵێکی قووڵ ڕادەکێشێت. ئەگەرچی تێخنە لە ئێستادا گرینگییەکی کەمی پێدەدرێت، بەڵام ئەو بەرهەمە تێخنەییانەی لەبەردەستدان، گرینگییەکی زۆریان هەیە، پێویستیان بە بیرکردنەوەیەکی قووڵتر هەیە بە بەراورد بە بەرهەمە میکانیکیی و تەکنۆلۆژیەکان. جوانیی تابلۆیەکانی مەدحەت کاکەیی و هەڵواسینی لە سروشتە جوان و ڕەسەنەکەی دێی عەلی سەراو و دڵسۆزیی، خۆشەویستیی و وەفای مەدحەت کاکەیی بۆ کارەکەی و ئاواییەکەی، جێگەی تێڕامان، لێوردبوونەوە و بەرزڕاگرتنیەتی. یۆنانییەکان تێگەی تێخنە (Techne)یان بۆ هونەر داناوە، ئەم تێگەیە لە هەمان کاتدا واتای هەموو چالاکییەک بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنان دەبەخشێت. ئەرستۆ دەڵێت: وشەی تێخنە لەناو لایەنی سێیەمی ژیانی مرۆڤدایە، واتە لایەنی داهێنان. جەوهەر و حەقیقەتی ڕێزمانیی لە تێخنەدا، لەگەڵ خەیاڵی داهێنەرانەدایە و خەیاڵی داهێنەرانەش لەگەڵ لاساییکردنەوەدایە. لەم ڕووەوە بەپێی ڕامانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ لە ڕاستییدا لایەنی میتافیزیکیی هونەر، تێخنە و جەوهەرەکەی هەر ئەم لاساییکردنەوەی دنیای ڕاستەقینە و سروشتە. تێخنە پانتاییەکی فراوان دەگرێتەوە، هەر لە دارتاشیی، ئاسنگەریی و هەموو کارێکی دەستییەوە، تاکو شیعر، مۆسیقا، نیگارکێشیی و هەڵکۆڵین... مارتن هایدیگەریش لە چەند نووسراوێکدا ئاماژەی بۆ تێگەی (Techne) لە زمانی یۆنانیی کردووە و لە ڕوونکردنەوەی واتاکەیەوە، بە هونەر و هەموو جۆرە بەرهەمێکی دیکەی بەستووەتەوە. هایدیگەر لەو باوەڕەدایە، کە تێگەکە لە بنەڕەتدا بە واتای داهێنان و بەرهەمهێنان دێت. لە سەردەمی تێخنەدا، هەموو بەرهەمهێنان و داهێنانێک بەدەست کراوە. بە هێزی شانوبازوو کراوە. ئەوین (Eros)ی تێدایە، حەز و خۆشەویستیی بۆ کارەکە هەیە. تێخنە، لە هەستی ئیرۆسەوە سەرچاوەی گرتووە. بەرهەمی تێخنە دوورە لە دەستی مەکینە، تەکنۆلۆژیا و تەکنیک. سەردەمی تێخنە، سەردەمی تێکەڵکردنی ڕووحە لەگەڵ بەرهەمەکان. دواتر بەهۆی زۆربوونی مرۆڤ و پێشکەوتنی شارستانیەت و زۆربوونی داواکاریی لەسەر بەرهەم و پێداویستییەکانی ژیان، ناچار لە بری تێخنە، ڕووکرایە مەکینە و تەکنۆلۆژیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی پێداویستییەکانی ژیان. بەمەش بەرهەمەکان ئەو جوانیی و هەست، ئەوین و ڕووحە خۆشەویستییەی، کە هەیان بوو، لە دەستیاندا بۆ جوانییەکی کاتیی، بێهەست و ئەوینێکی ساردوسڕ. مەدحەت کاکەیی، ناوی تەواوی (مەدحەت محەممەد عەلی)یە، لەساڵی ١٩٥٣ لە دێی عەلی سەراو لە ناوچەی گەرمیان لە دایک بووە. ماوەیەکی کەم لە دێیەکە دەمێنێتەوە، پاشان کۆچ دەکات بۆ دەرەوەی وڵات. مەدحەت کاکەیی ئێستا شێوەکارێکی گەورەیە. خاوەن سێ ستۆدیۆیە لە وڵاتەکانی سوێد، ئیسپانیا و ژاپۆن. چەندین پێشانگەی بۆ تابلۆیەکانی لەم وڵاتانە و چەند شارێکی کوردستان کردووەتەوە. کاکەیی، ناسراوە بەوەی کەوا لە تابلۆ گرافیک و هێلکاریەکانییدا ڕەنگی ڕەش و سپی بەکاردەهێنێت. لە

ئەزموونێکی تریدا دەستی داوەتە کێشانی تابلۆی ڕەنگڕێژکراوی چین لەسەر چین. توانیویەتی لە ڕێگەی تابلۆیەکانی بارودۆخ و ژیانی کورد پێشان بدات.
پێشانگەی ئەم جارەی کاکەیی، جیاواز لە پێشانگەکانی تری، بریتییە لە کردنەوەی پێشانگەیەک لە دێیەکی دوورەدەست و لە دێیەکی پڕاوپڕ لە جوانیی و کاری دەست و پڕ لە ڕەسەنایەتیی. هەڵواسینی تابلۆیەکان بە دیوارە قوڕینەکانی سواغدراو بە قوڕ؛ لە ژێر نەخشە سەرەوژێرەکانی سەر دیوارە قوڕینەکان، لەسەر سواغی قوڕی دەستی شەق شەقی دایکە جەرگسووتاوەکان؛ ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەوا تێخنە گرینگییەکی زۆری هەیە لەلای مەدحەت کاکەیی. کاکەیی، پێی وایە، کە ئەو سروشتە جوانە و ئەو سادەییی ژیانە، ئەو ڕێچکە فۆلکلۆرییەی، کە باب و باپیرانی لەسەری دەڕۆیشتن، بوونە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ سەرکەوتنی لەم کارەی. پێی وایە، ڕاستەقینەی ژیان لە ئاواییەکاندایە. جوانیی دێیەکە، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ڕەنگەکانی نێو تابلۆیەکانی جوانتر بکات و تایبەتتریان بکات.
حەز و خۆشەویستیی بۆ شێوە بیناسازییە قوڕینە تێخنەییەکە، وەک ئەوە وایە، کە هەر خۆی دەڵێت:» وەک پاتری ناو لایت وایە، کە بەهۆی شەحنی پاتریی ناو لایتەکە خەڵک ڕوناکیی لایتەکە دەبینن». کاکەیی، بە هەست و سۆزەوە سەردەمی منداڵیی لە دێیەکەیدا دەگێڕێتەوە. ئەو یارییانەی، کە لە منداڵیی کردوونی، وەک قووڵانە، مەلەکردن لە جۆگەی گوند و چۆیستە ملبارانە، هەموو ئەمانە ناخی داگیرکردوون و وایان کردووە ڕەنگدانەوەی هەبێت لە تابلۆیەکانیدا.
پێمان دەڵێت: ئەمانە کوردیین و دەبێت ئاگامان لێیان بێت. زۆر بە پەرۆشە بۆ ئەمانی ئەم یارییانە، کە میکانیک و تەکنەلۆژیا شوێنی گرتوونەتەوە و ئەم یارییە پڕ لە ئیرۆسیانەیان ڕاماڵیون. چۆن قوڕکاریی چین لەسەر چین دەکرێت بەم شێوەیەش لە تابلۆیەکانی ڕەنگی داوەتەوە. تابلۆ ڕەنگینەکانی چین لەسەر چین ڕەنگڕێژکردوون. پاشان بە هاوکاریی خەڵکی دێ، بڕیار دەدات هۆڵێکی تایبەت دروست بکەن بۆ نمایشکردنی تابلۆیەکانی، بۆ ئەمەش یەکەم داواکاریی ئەوەیە، کە دەبێت هۆڵەکە لە خشتی قوڕ و شێوەی بیناسازیی کوردییانە دروست بکرێت، دوور لە مەکینە.
پێشانگەیەکە لە شوێنێکی کولتووریی واجواندا ئەو پەیامەمان پێدەدات، کە کاکەیی بۆ ئەوەی خوێندووە و خۆی پێگەیاندووە، تا زیاتر خزمەت بە فەرهەنگ، کەرەستە و ڕەمزە نەتەوایەتییەکانی بکات. ئەم کارەی کاکەیی پەیامێکە بۆ هەموو کورد بەتایبەت چینی ڕۆشنبیران، کە دەبێت بەرهەمە ڕەسەنەکانی خۆیان زیندوو بکەنەوە و بیانپارێزن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنی هایدیگەر بۆ تێگەی تێخنە دەتوانین بڵێین کاکەیی داهێنانێکی نوێی کردووە بەوەی، کە لەناو سروشتی جوانیی کوردەواریی پێشانگە بکاتەوە. هەروەک ڕوانگەی یۆنانییەکانیش بۆ تێخنە دەیەوێت هونەر بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی ڕووحی سروشتیی و زیندوویەتیی زیاتر بە بەرهەمەکانی بدات.

سەرچاوەکان:

١- سالّح، مقداد حەمە ( ٢٠١٣) سەرنجێك لەسەر ئێستاتیکا. سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

٢- کەمال، محەمەد (٢٠١٧). فەلسەفەی هونەر. سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

٣- ئەحمەدی، بابەك(٢٠٠٨). هەقیقەت و جوانیی. و؛ مەسعود بابایی. هەولێر، چاپخانەی موکریانی.

***